# مامۆستا (سەرکەوت)ی نەمر

راستە لە فوتابخانە مامۆستا بوو, لە تێکۆشانی ژێر زەمینیو ڕێکخراوەیدا ڕێبەربوو, لە زینداناو ئەشکەنجەی بەردەستی جەلادەکانی رژێمدا, هەلگری پەیامی مقاوەمەتو کۆڵنەدانبوو, تا لە خەباتی شاخدا وەك پێشمەرگەیەکی بەوەفا شەهیدبوو.

ناسیاویی من ومامۆستا (سەرکەوت) دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی حەفتاکانو دواتر خەستبوونەوەی ئەو ناسیاوییە بۆ کۆتایی حەفتاکان دەگەڕێتەوە.. ئەو رۆژانە بوو لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنەکانی ناوخۆ کاك (حەمە چاوشین) بەهۆی کەشف بوونی بۆ دامو دەزگاکانی رژێم, لە ڕێگای شاخەوە روویکردە هەندەران.. ئەو دەمانەش هەر چەند مانگێك بوو مامۆستا (جەمال) بۆ جاری دووەم لە زیندانی رژێم دەرباز بووبوو, هێشتا بەتەواوی نەحەسابۆوە.. پۆستی لێپرسراوێتی ئەو کۆمیتەیەی پێسپێردراو ئیتر بووین بە هاوڕێی گیانی بەگیانی یەکتر.. لەبیرمە ئەو جارانەی سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەکە لەشاری سلێمانی کۆدەبوونەوە, تەنیاو تەنیا منی دەبردەوە ماڵەکەی خۆیان کە وەك لەبیرمبێت ئەو دەمە کۆرپەیەکی ساوایان هەبوو..

لەهەر کوێیەك سۆراغی مێژووی سەروەرییەکانی "کۆمەڵە" بکەیت! دەبێ بۆ ئەزموونی جەمال تاهیر بگەڕێیتەوە. بۆ هەر کونجو کەلەبەرێکی خەباتی ژێر زەمینی شارەکانی کوردستان ئاوڕبدەیتەوە! ترۆپکی بەرزی جەمال تاهیر دەبینیتەوە. هەروەکو چۆن لەگەڵ هەر بەردو لوتکە شاخێکی ناوچەکانی قەرەداغ بپەیڤی ! سامو هەیبەتی کەسایەتی (ئارام)ی سەرکردە دەلەرێتەوە. هەروەك چۆن لەهەر کانیاوێکی قەدپاڵو بنارەکان ئاو بخۆیتەوە! وێنەی شاسوار جەلال دەبینی. ئاواش ناکرێو نابێ لێهاتوویی مامۆستایەکی وەك(جەمال تاهیر) فەرامۆشبکرێ!!

لەگەڵ دروستبوونی سەرکردایەتی ناوخۆی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو بەیەکەوە گرێدانی بازنەو هێڵە پچڕپچڕو تاڕادەیەك لەیەك دابڕاوەکانی ئێرەو ئەوێی شارەکانی کوردستان, کە ئەو هێڵو هاوڕێیە تاكو تەرایە پەرەوازانەی شارەکانی دیکەی عیراقیشی دەگرتەوە.. ڕێکخستنەکانی ناوشار کەوتبوونە دەمی قۆناغی وەرچەرخانێکی بەرچاو, لەڕووی نەشونماکردنی شێرازەکانی ڕێکخستنو ئەنجامدانی کاری ڕێکخراوەیی تۆکمە.

بێگومان ڕێنماییو راسپاردەکانی ناوەندی کۆمەڵە لەم بارەیەوە جێگای دیاری خۆی هەبووە, بەڵام رۆڵی جوامێرانەی مامۆستا جەمال تاهیر شان بە شانی هاوڕێیەکانی لە پێشی پێشەوەبوو, کە بەدوای بەربوونی لە زیندانەکانی رژێم, سەرلەنوێو لەجاران بەتەوژمو ورەیەکی پۆڵایینەوە درێژەی بە خەباتداوە. ئەو ماوەیەی پێکەوە کارمانکرد, هەلومەرجی رۆژانی ئەوێ رۆژێ, تابڵێی سەختو دژواربوو, مەگەر هەر سەربازە نەناسراوەکانی وەك مامۆستا (سەرکەوت)ی نەمر, بەبێ گوێدانە هەرجۆرە خۆشییەکی ژیانو بەرژەوەندییەکی زاتیو خۆگونجاندنێکی وەختی خواستی رژێم, کەسایەتی وەك جەمال تاهیر لە نموونەیلوتکە شاخەکانی کوردستانی خوێناوی, سنگیانکردبووە قەڵغانی پاراستنو بەڕێوەبردنی گورجوگۆڵی کاری ڕێکخراوەییو هەتا پێشمەرگەیی ناو شارەکان, دەنگی موقاوەمەتو رووبەڕوو بوونەوەیان لە بەرامبەر پەلامارو هێرشی بگرو بکوژی دوژمنی کردبووە ئاوازی سیمفۆنیایەکی ئێجگار دڵگیرو فێنککەرەوەی دڵو دەروونی کۆمەلانی خەڵك.. بەجۆرێك پەیڤو دروشمەکانی خەباتی کۆمەڵە بەناو شادەمارەکانی خەڵکی کوردستان بلاوکردبوو, لەهەموو لایەك دەنگی دەدایەوە.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

ماموٚستا جەمال تاهیر شارەزاو بەهیممەتبوو, خاوەنی ویژدانێکی زینـدوو بەرچاو ڕوونییـەکی گەشـبوو, تێکـڕای هاوڕێکانی خوٚی خوٚشدەویـست, بـە پراکتیـك ئـەو لـە بـاقی هاوڕێیـانی دیکـەی کوٚمیتەکـە بەئـەزموونترببوو, لـە گـەڵ یەکە بەیەکەمان بەجوٚرێك تێکەڵ بووبوو, زمانی خوٚشەویستیو ڕێزگرتنو گوێ گـرتنو قەناعـەت بەیەکـدیکردنی کردبووە زمانی بەتەنگەوە چوونو ئەنجامدانی ئەرکو کارەکانمان.

ئەو مروٚڤە هەمیشە چاوساغی چاکترکردنی کاری ڕێکخراوەیی بـوو, تـا بڵێـی ئینـسانێکی هێمنو بەسـەلیقە, بـە لوتفو وەفادار بەرانبەر بە قوربانیو گیان لەسـەربوونی هاوڕێیـەکانی ڕوٚژی تەنگانـەبوو. هەمیـشە دەم بـە پێکـەنین بوو, بەڵام لەکارکردندا شێلگیرو نەترسو بوێرو ماندوو نەناسبوو.

زوٚر چـاکم لـەبیرە, زوٚرجـاران کەلەشـاری سـلێمانی کوٚدەبووینــەوە, ئەوپــەڕی ئامادەبەشـی بوٚهــەر ڕووداوو بەسەرهاتێکی کتوپڕو لەناکاو دەکرد.. ناسینی تێروپڕی دەوروبەر, شوێنیو جوگرافیای کـاری نـاوخوٚیی لـە شـێوازە ناسراوەکانی شەهید (جەمال تاهیر) بوون.. زوٚر بەوردی پرسیاری دەکرد, هێمنانـە بـەناو وردو درشـتی زانیارییـەکان شوٚڕدەبوٚوەو لەئەنجامگیرییەکانیـشدا بـوٚ بڕیـار وەرگـرتن پرسـی بەهـەموو هاوڕێیـەکانی دەکـرد, بەتایبـەتی خـەمی هەرە گەورەی ماموٚستا جەمال پاراستنو درێژەپێدانی تەمەنی سەرکەوتووانەی خەباتی تێکڕای هاوڕێیەکانی بوو..

بەڕاستی نێوانمان ئەوەندە خوٚشو گـەرم بـوو, زوٚرجاران لەگـەڵ تـەواوبوونی کوٚبوونـەوەکان (لەسلێمانی), شـەو گلی دەدامەوەو بوٚ ماڵی خوٚیانی دەبردمەوەو ژنە سەرفرازەکەی بەگەرمی پێشوازی دەکردین (دایکی کاکـە سـوٚران کـە ئەو دەمە هێشتا ساوابوو).. ئەو جارانـەش کـە دەهاتـە هـەولێرو لـە مـاڵی ئێمـە دەمایـەوە, لەگـەڵ دایکـم وەك دایکـی خوٚی مامەڵـەی دەکـردو بـەزوٚر دەکەوتـە دەستماچـکردنی دایکـم.. بوٚیـە هـەتاکو ئـەو ڕوٚژانـەش لەشـاخ یـەکترمان بینییـەوە, پەیوەنـدی هاوڕێیانـەمان تایبـەتی بـوو, بەوپـەڕی وەفـاداریو ڕێزگرتنـەوە پێـشوازی لێـدەکردمو گـوێی لێدەگرتم.

بەڕاسـتی مـن سـەربردەکانی ئـەو ڕوٚژانـەم زوٚر زیـاتر لـەو کورتـە نووسـینە, نووسـیوەتەوە. بـەڵام داخـی گـرانم, ڕەشنووسەکانی خوٚم لەبەر دەستدا نەبوو.. هەروەك وەفادارییەکی هاوڕێیانە بوٚ گیانو قوربـانی ماموٚسـتا (جـەمال)ی سـەربەرزو بەئەمـەك, بـە پێویـستمزانی بـەو چـەند ڕستەیە بەشـداری لـەو کتێبـەدا بکـەم کـە بـوٚ ژیـانو خـەباتی شەهیدی نەمر ماموٚستا سەرکەوت تەرخانکراوە .

هیـوادارم خێـزانو جگەرگوٚشـە چاوگەشـەکانی ماموٚسـتا جـەمال وەك بەشـدارییەکی بـچکوٚلانە لێمـی وەرگـرن.. سەری ڕێزو نەوازش بوٚگیانی پاکی ماموٚستا جەمالو ئەوپەڕی حورمەتو ڕێز بوٚ ئەو خێزانە سەربڵندە.

**حاجی حەموٚ**

**شەهیدو ڕوٚژنامەی الشرارە :**

کاك(جەمیلی مەلاقەرە) لە ئەرشیفی پاراسـتنی بەڵگەنامـەو ئەدەبیاتـەکانی شوٚڕشـی نـوێی گەلەکەمانـدا. ژمـارە (7)ی ڕوٚژنامەی (الشرارە)ی پێگەیاندم کە لە تەمموز – ئابی 1983دا دەرچووە. زوٚر سوپاسـی هەسـتی دڵـسوٚزانەی دەکەمو هیـوادارم نموونـەیان زوٚربێت. لـەم ژمارەیـەی (الـشرارە)دا لـە لاپـەڕە (2) بەناونیـشانی (فی ژمـە الخلـود ایهـا الراحـل الکـبیر ) بابـەتێك بڵاوکراوەتـەوەو لـە لاپـەڕە(3)دا بـە ناونیـشانی (بـاب الکـون) پەخـشانە شـیعرێكو چـەند بروسـکەیەك بـە ناونیـشانی (برقیـات) بڵاوکراونەتـەوە. لەبـەر گرنگـی بابەتـەکانو پەیوەنـدییان بـەو ڕوٚژگـارو سەردەمەی کە ماموٚستای تیادا شەهید بووە, بە پەسەندمزانی کە وەکو خوٚیان لەم کتێبەدا بڵاویان بکەمەوە.

بابەتی یەکەم : (فی ژمە الخلود ایها الراحل الکبیر)

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

بابەتی دووەم: باب الکون

سێیەم : برقیات

فەرموون لەگەڵ ئەو بابەتانەی رۆژنامەی الشراره کە لەکاتی شەهیدبوونی (جەمال تاهیر)دا بڵاوکراونەتەوە, دڵنیام هەر ئەوکاتە لە رۆژنامەی (رێبازی ئازادی)شدا لەسەری نووسراوە,بڵاوکراوەتەوە, بەڵام بەداخەوە, کەسێك نەبوو, ئەو رۆژنامەیەمان پێبگەیەنێت.

م. سۆڵەیی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com